www.kurdistannet.org
13-10-2007 22:35 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ڕاچەنینێکی مەردانە، کەی؟ ... د. ناصح قەرەداخی



گومان لەوەدا نیە چەند ساڵێکە میزاجی ناو کۆمەڵانی خەڵک بێزارییەکی زۆری پێوە دیارە و راپەرین و رێپێوانەکانی ساڵ و مانگەکانی رابوردووش نیشانەدەری ئەوەن کە ئەم بێزارییە تاسەر لەچوارچێوەی قسەی ناو کۆڕو و کۆمەڵ و رەخنەو بۆڵەو خورتەی رۆژانەدا نامێنێتەوە. مایەی ئەسەفیشە کە ئەم بێزارییە بەرامبەر بە دەسەڵاتێکی کوردییە، بەرامبەر بەنوێنەرایەتیی حیزبگەلێکە کە هاورێ و هەڤاڵەکانیان ساڵانی دوور و درێژ بە لەخۆبوردەیی و بێباکی و بێ تەوەققوعی، بە برسێتی و گیرفانی بەتاڵ بەڵام پشت ئەستوور بە پشتیوانیی ئەم جەماوەرەی ئەمرۆ و پێشینەکانیان، کە ئێستا لێیان هاتوونەتە مقۆ مقۆ، خەباتیان کردووەو ژیانی خۆیان خستۆتە مەترسییەوە، بە رەسمی ئەوسا، لە پێناوی میللەتدا نەک بۆ بەرژەوەندیی خۆیان.

لە سەردەمێکدا کە پێشمەرگە چاوەڕێی کەسوکاری بوو دەستێک جلی پێبگەیەنێ، یاخود شۆرش چاوەڕێی خێر یا سەرانەی دەولەمەندێک بوو، یا بەهیوای ئەسیرکردنی چەند جاشێک بوو بەڵکوو چەند هەزار دینارێکیان بە ناوچەونەوە بێ بۆ دەستەبەرکردنی خەرجیی خەبات، قسەکردن لە بەرژەوەندی تایبەتی و گەندەڵی مادی بێمانابوو. لەکاتێکدا سەنگەر و کونە تەیارە باشترین ماڵ بوون، خەیاڵی کۆشک و مەلەوانگە و ڤیلا و هەواری ناو کوێستان شێتی بوو. سەردەمێک کە کوردایەتی تەنیا مەحەک بوو، شاخ بۆ سامان و کۆمپانیا و بانک و باخات بازارێکی نامۆ بوو. زەمانێک کە ئەم بەهایانە زاڵ بوون گوێ بۆ داخوازی خەڵک سووک و دڵ بۆ لێ تێگەیشتنیان گەرم بوو.

شۆرشی کورد هیچ کاتێک ئەوەندەی ساڵی حەفتاو پێنج بەهێز نەبووە بەڵام ئەوەبوو بەهۆی بارودۆخ و بەرژەوەندیی ناوچەیی و نێونەتەوەیی کەمئامادەکاریی سەرکردایەتی کوردەوە، هەرەسی هێناو هیچی بۆ کورد بەدەست نەهێنا سەرباقی دڵگەرمیی دەیان هەزار پێشمەرگە. پاش هەڵگیرسانەوەی شۆرشیش، دیسانەوە شۆرشی کورد لە سەرەتای ساڵی هەشتاوهەشتدا گەیشتە ئەو پەری هێز و کەوتە ئازادکردنی شارو شارۆچکەکان. بەڵام سەرەنجام؟ وەک بینیمان دوبارە لە هەرەتی هێزیدا نوشستی هێناو زیاتر لە دەهەزار پێشمەرگە ئاودیو کران، کە رەنگە لەبەرهەمان هۆیەکانی سەرەوە بووبێ.

راپەرینی ساڵی نەوەد و یەک، سەرباقی ئەوەی کێ ئەیەوێ خۆی بکات بە خاوەنی، راپەرینێکی جەماوەری بوو و لەکاتێکدا ڕووی دا کە شۆرشی کورد لە نائومێدیدا بوو و ژمارەی پێشمەرگە لەناوەوە بە پەنجەی دەست دەژمێردران. هەرچەندە رەنگە لایەنە جیاوازەکان بەڕادەی جیاواز دەوریان لە ئاراستەکردنیدا بینیبێ، بەڵام سەرچاوەی روودانی ڕاپەرین لە شوێنێکی ترەوە بوو، وەک چۆن لە زۆربەی شارەکانی تری عێراقدا رووی دا. سەرچاوەی ڕاپەرینەکانی دوای پاشەکشەی سەدام لە کوەیت، بێزاری خەڵک بوو لە دەسەڵات، بێزاری لە ساڵەها زوڵم و چەوساندنەوە و نائومێدی. بارودۆخی مەوزوعیش بۆ ئەو ڕاپەرینە بەهێزیی شۆرشی کورد نەبوو، بەڵکوو لاوازیی و هەڵوەشانی سوپای عێراق و هاندانی ئیدارەی ئەمەریکا بوو.

ئەو بێزارییەش کە ئەمرۆ لە ناو جەماوەردا هەیە زەنگێکی مەترسییە و پێویستە دەسەڵاتی کوردی بە جیددی وەری بگرێ ئەگینا ئەگەر پشتگوێ بخرێ، دوور نیە ببێتە هەوێنی گۆڕانێکی گەورە لە کوردستان کە کەس نازانێ ئەنجامی چی دەبێ. کوردستان ئێستا پێویستی بە ریفۆرمە نەک شۆرش و ڕاپەرین کە عادەتەن هەموو شتێک تێک دەدا تاسەرلەنوێ دروستی بکاتەوە. بەڵام لە هەلومەرجی نائومێدی و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بێزاری جەماوەردا هەوڵدان بۆ قۆستنەوە و سوود وەرگرتن بەمەرامی حیزبی و تەنانەت ناوچەییش رەنگە بەرژەوەندییەکانی میللەت بخاتە مەترسییەوە.

ئینکار کردنی ئەم بێزارییە، بەستنەوەی بەهۆی بچووکەوە، گلەیی کردن و تۆمەتبارکردنی خەلک بە بێ وەفا و ناشوکور و ئاژاوەگێر و نۆکەر خۆ خافڵ کردنە و خۆ دزینەوەیە لە هۆیە بنەرەتییەکانی. ئەگەر خەڵک دەکەونە سەر جادە تەنیا لەبەر کارەباو سووتەمەنی نیە، بەڵکوو هەڵچوونی داخی پەنگخواردووی ساڵانێکە کە دەسەڵاتی کوردی نەیتوانیوە بەباشی لە ئازارەکانیان بگاو کێشەکانیان چارەسەربکا و عەدالەتی پێویست بنوێنێ. ئەگەر لاوان بەشداری کاری جەماوەریدا ناکەن مانای ئەوە نیە بێئاگا و بێموبالاتن بەرامبەر بەرژەوەندیی کورد بەڵکو رەنگە پەیامێکیان هەبێ بیانەوێ بە کەنارەگرتن بیگەیەننە گوێی دەسەڵات چونکە بە هیچ جۆریکی تر نەیانتوانیوە بیگەیەنن.

راستە ئێستا خەڵک ئازادن، چەوسانەوەی نەتەوەیی نیە، ئاسایش بەرقەرارە، ئاستی ژیان لە چاو ساڵانی رابوردوودا بەرزترە، بەڵام نابێ ئەوەمان بیر چێ کە داواکارییەکانی تاک و کۆمەڵ لەگەڵ زرووفدا دەگۆڕێن. ئێستا چاوەرانیی خەڵک لە دەستەڵات وەک دەساڵ لەمەوبەر نیە. ئارەزوو و داخوازییەکانی خەڵکی لە ئاستی ئەمرۆدان، بە پێی گوزەرانی ئەمرۆیاندان، لە ئاستی هۆشیاریی ئەمرۆیاندان، بەپێی ئەو گۆرانکارییەن کە بەسەر گوزەرانی خاوەندەستەڵاتەکاندا هاتووە. لەسایەی دەسەلاتی کوردیدا، چەوسانەوەی نەتەوەیی کە جاران سەرچاوەی سەرەکیی بێزاریی خەلک بوو، لە بەین چووە. بەڵام ناعەدالەتیی هۆی تریشی هەیە. ئەو گەندەڵییەی کە هەموو لایەک لەسەر بەرزترین ئاست دانیان پێدا ناوە و کون و کەلەبەری ئەم ولاتەی گرتۆتەوە، رەنگە دەرگایەکی سەرەکی بێ بۆ تێگەیشتن لەم بێزارییە.

بەکورتی ئەگەر دەسەڵاتی کورد بەتەمای مانەوە بێ ئە بێ هەوڵ بدات قسە لەگەڵ جەماوەر بکا، ئەبێ هەوڵ بدات لێیان تێ بگات، ئەبێ بەدەنگ خەم و ئاواتەکانیانەوەبێ، ئەبێ بزانێ تەقسیر هەر لە زرووفەوە نیە، تەقسیر لە خەڵکەوە نیە، بەڵکوو لە دەسەڵات خۆشیەوەیە. دەسەڵات ئەبێ سەیری ناوەوەی خۆی بکات و درزو کەلێنەکانی پڕکاتەوە و گیاکەڵەکانی ناو سیستەمەکەی بژار کات. بەڵام ئەمە بێگومان تەنیا بە ڕوتوش کردن نابێت، بە باسی ژێر لێو و هەوڵی بەنج کردنی جەماوەر نابێت لە رێگەی بەرنامەی بێ بەرنامەو سواوەوە. خو قایم کردن و شووراو پارە و پیاویش هیچ دەسەڵاتداریکی تاسەر نە پاراستووە. ئەم کارە بە خۆڵ لەچاوکردن و وردە بژار نابێت بەڵکوو بە لەخۆبوردەیی پێشمەرگەئاسای جاران و چاوپۆشین لە بەرژەوەندیی خودو خێڵ دەبێ و بەراستی ڕاچەنینێکی مەردانەی دەوێ بۆ وەگەڕخستنەوەی پرەنسیپ و ئامانجە باڵاکان.

******

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.